# تاكۆتايی لێزمەی باران

زانا سامان



دەبێ تا دوادڵۆپی ئەم بارانە
دەستی دوكەڵی جگەرەكەم بگرمو
بڕۆم..
تا دواقومی
ئەم عەزاب نۆشینە
سەر بەدیوارەكەی
بێهودەبووندا بكێشم
تا كۆتایی ئەم تێروانینە
بێ چاویلكەبم
تالەكەداربوونی ئەو ئیمانە
بەبەرگی سپیەوە
بەردەم
ئاوێنەكەی رۆح بەرنەدەم
كلۆربوونی هیواكەم دەبێ تا
نهێنی ئەم گێرانەوەیە
بەسنگمەوە بنوسێنم
بەكۆڵێك خەیاڵی تەڕەوە
خۆم بەماڵی
رازێكی ژەنگ گرتودا بكەم
بەمشتێك سێوی سورەوە
لەبەردەم پەنجەرەی
تەمەنێادا بوەستم
بەدەمو لێوێكی وشكەوە
بۆحەوشەی سەراب بگەڕێم
بەخۆمو دەفتەرێك یادگارییەوە
لەدەرگای ماتڵبوون بدەم
بەگیتارێكی یاخیەوە

ژیان بژەنم،
کەمن لەم بێ ئۆقرەییەمدا
خاچ تا ئەوپەڕی داکوتان
بەمەچەکی
مەسیحێکی ترەوە دەبینم
کەلەم بێزاریەدا
درەختێك لەفەنابوونمدا دەنێژرێ
دەبێ...
باڵقبوونی ترێ تا
خۆم بەرەزێکی شەیداوە هەڵخەم
تلۆقینی هەنار تا
خەریکی هۆنینەوەی
پرچە سپیەکانی وەفابم
یان دەبێ
خۆم بەچڕینی
گۆرانیەکی حەزینەوە
خەریك بکەم
گەینی ئاڵوباڵو دەبێ تا
دوعا بۆگەیشتنی
هەڵوژە بکەم
سوژدە بۆ بێنوێژی
کوکوختیەکان ببەم
بەرماڵی حاجیان
لەبەردەم وێنەکەی
دا بخەم مریەمی پیرۆز
دەبێ وەك کەوتنە خوارەوەی
دەنکێك توو..
خەونی بەجێماوی
ژێر درەختەکان رابچڵەکێنم
قریشکە لەبێدەنگی هەستێنم

بۆئەوەی بەژیان بڵێم:
( ئەها..دووری
چۆن دەمان بارێنێ
ئەها.. بیرکردنەوە
چیمان پێدەکات)،
دەبێ
لەزیکە زیکی زەرنەقوتەیەکدا
ئاوازێك بۆفڕین سازبکەم
لەخۆگیڤکردنەوەی چۆلەکەیەك
تا جوتبوون
بۆن بەغەریبی مێینەوە بکەم
دەبێ
تا دۆزینەوەی یاقوتەکەی ڕۆح
خەریکی خوێندنەوەی
نوسینی یادگاری
سەرکورسی پارکەکان بم
تا تەواوبوونی
بانگی مزگەوتەکان
بیر لەوشەی ئیمانداری و
دزینی پێڵاوەکان بکەمەوە
لەتەریقەتی میوانداریدا
پێشوازی
لەوپەپولە عەیارانە بکەم
کەخۆیان لەباق و بریقی
باخچە شاردۆتەوە
دەبێ..
بەو نەخشەی ئومێدەی کەهەمە
خەریکی سارێژکردنی
برینەکەی نێو سینەمبم
تا خۆشەویستی پێمدەڵێ:

( ئەها..عەشق
چەند تەنیایە
ئەها.. تەنیایی
چەند پڕە لەعەشق )،
دەبێ تەماشای
روتبوونەوەی پرتەقاڵ بکەم
نەك بکەوێتە
ژێر نەزەری جەللادێکەوە
تا بەتاڵبوونەوەی عەورەتی
پیاوە ئاسك کوژەکان
دەبێ پاسەوانی
دارهەرمێ بکەم
تا ئەودەمەی
دەنگێ لەخۆخواردنەوەم هەڵدەستێ‌و
پێمدەڵێ:
( باخەون هێندە بێ شەهامەتانە
دەستی بۆگوڵەکان دەبرد
مینای رۆح
دەکەوتە کرۆژینی
پەنجەکانی خۆی..
ئەها.. چەندە بێئاگایت
ئەها.. خەنجەرێك
لەزمانت گیربووەو
نایەڵێ لەوتندا
دوا کڕوزانەوەی عەشق
بنوسیتەوەو
یەکەمین گێرانەوە
لەهەناسەتەوە دەرچێ )،
من دەبێ..
خۆم لەم نەگبەتیە

بەدووربگرم
خودایە سەبووریم بدەرەوە
با نمبمە قەربانی
ئەم بێدەنگیە
من دەبێ..
تا سرووشتی خاوبوونەوەی
ئەم رقە..
رێنەدەم پەشیمانی
بەرۆکم بگرێ
تا دەرباز بوون
لەم باوێشکی تەمبەڵیە
خەریکی راهێنانی بازێك بم
بۆ دۆزینەوەی ئەڵماسەکانی
نێو دڵی دەریا
دەبێ..
تا کۆکردنەوەی
گلەییەکانی چەتر
خەریکی دادگاییکردنی
ڕەشەبا بم
تا کردنەوەی
پە نجەرەی ئەم زەمەنە
لەگەڵ رۆژەکانی
هەفتەدا بجەنگم
نەك نەمپرژێ
خەیاڵە جوانەکانی
بێدابوونەوە
بخەمە گیرفانی
کراسە کەسکەکەی هیواوە
دەبێ..
تا خەجاڵەتبوونی چەقۆ

دڵنەوایی
سێوە قاشکراوەکان بدەمەوە،
کەمن بەدیار
هێمنی ئێوارەیەکەوە رامابووم
لە پڕ پیاسەیەکی بەجێماو
بەشەقامێکی کلۆڵەوە
بەدەنگی بەرز پێیوتم :
( رامان بەدیار
ئێوارە سەرخۆشەکانەوە
دەتخاتە سەمای نائاگاییەوە
ئەها.. چەندە بەجێماوی
ئەها.. تەپوتۆز
لە پشتەوەت هەڵناسێ
زینی ئەسپەکەت توندبگرەو
غاردە..
ئەها.. فەرسەخێك ماوە بۆگەیشتن )
من دەبێ
تا چنگ کەوتنی
ناسکترین گێلاسی پەیڤەکان
( وەك پیرەمەگروون
سەرلەحوجرەی نالی بەم )*
تا درکاندنی
بەشێکیتر لەم نهێنیە
باس لە پیربوونی
رێواسێکی گۆپاڵ بەدەست بکەم
لەبەهارێکی هەرزەدا
خۆم بەخوێندنەوەی
ئایەتە گوناهبارەکانی
زەمەنەوە بخافڵێنم
دەبێ تاهێربوونەوەم

**بەرچنەیەك ئیحساس**

**لەزاكیرەمدا بخەملێنم**

**تاگێرانەوەی حیكایەتێكی**

**سەرماش وبر نجی تر**

**خەریكی لەبەركردنی**

**مەعریفەی خەونەكانم بم**

**بەڵكوجوانی**

**ببێتە یەكەمین وانەی**

**هەنسكە شێدارەكانی پەنهانیو**

**منیش لەنێو**

**ئازارە هەمیشەیەكەی نوسیندا**

**لەگەواڵە هەورەكەی**

**بارین دەربازبم**

---------------------------------------------------------------

*

**لەناونیشانی قەسیدەیەکی شەهید(دڵشاد مەریوانی)ەوە وەرگیراوە بەڵام بە دەستکارییەوە**